


مارگرێت دوراس

# نەخۆشیی مەرگ

کەریم تاقانە لە سوێدییەوە کردوویە بە کوردی

Scanned by CamScanner

# نەخۆشیی مەرگ

مارگرێت دوراس

کەریم تاڤانە

لە سوێدییەوە کردوویە بە کوردی

Scanned by CamScanner

# تێبینیی وەرگێڕ

"نەخۆشیی مەرگ"م چوار، پێنج ساڵ پێش، لەو چاپەوە کە ساڵی ١٩٨٥ بڵاو کراوەتەوە، کردبوو بە کوردی و هەر لە لای خۆم ڕامگرتبوو. کاتێک خەریک بووم بۆ چاپ ئامادەی بکەم، زانیم کە وەرگێڕە سوێدییەکەی، چاپێکی تازەی کتێبەکەی، ساڵی ٢٠١٣، لە ئینتێرنێتدا، بڵاو کردووەتەوە. کە سەیریم کرد، بینیم نووسەرێک پێشەکییەکی بۆ وەرگێڕانەکە نووسیوە. کاتێکیش لەگەڵ چاپە کۆنەکەدا بەراوردێکم کرد، بۆم دەرکەوت وەرگێڕی سوێدی بە وەرگێڕانەکەی خۆیدا هاتووەتەوە و لە هێندێک شوێندا وردەدەستکاریی کردووە.

من وەرگێڕانەکەی خۆمم لەگەڵ چاپی تازەی کتێبەکەدا بەراورد کرد و پێشەکییەکەیشم کردە کوردی.

کەریم تاقانە

سوێد — سوێدرهامن

٢٠١٥/٦/١٨



Scanned by CamScanner

# پێشەکی

ساختمانی چیرۆکەکە زۆر سادەیە: پیاوێک، ژنێک، زەریا، مەلافە سپییەکە و هەڵبەت مەرگیش. گێڕەرەوە دەنگێکە لە شوێنێکی نادیارەوە ڕاستەوخۆ لەگەڵ پیاوەکەدا قسە دەکات. لەبارەی ئەو شتەوە قسە دەکات کە ڕووی داوە. ئەو شتە کە بینیویەتی. ئەو شتە کە ئەو بیری لێ دەکاتەوە. مەوداکە، گشتییە. چ لە باری کات و چ لە باری شوێنەوە.

پیاوەکە ئەم ژنەی بۆ چەند ڕۆژێک بە کرێ گرتووە. دەیەوێت لەڕێگای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو (مرۆڤێکی دیکە)دا، لەگەڵ خۆیدا بەرەوڕوو ببێتەوە. لەشی پیاوەکە، تەنیا ماددەیەکی مردووە. ئەو، سەرەڕای ئەوە کە زیندووە - مردووە و ئەمەیش ئۆقرەی لێ هەڵگرتووە. ژنەکە دەتوانێت ناو لە نەخۆشییەکەی بنێت. دەڵێت کە نەخۆشییەکەی ئەوی بینیوە، دەڵێت کە هەر لەبەر ئەوەیش بووە لەگەڵیدا هاتووە.



Scanned by CamScanner

دەقەکە بە جۆرێک دەبێتە لێکدانەوەی بارودۆخ: لەسۆنگەی نەخۆشیی مەرگەوە. پیاوە، چاوی بە ژنە دەکەوێت، ژنە بە پیاوە دەڵێت کە تووشی نەخۆشی بووە. نەخۆشیی کوشندە.

نەخۆشیی وەک: "ئەو کەسەی تووشی بووە، نازانێ کە هەڵی گرتووە، کە مەرگی هەڵگرتووە."

نەخۆشیی وەک: "ئەو دەبێ بمرێ بە بێ ئەوەی پێش لەوە ژیانێک ژیابێ کە بەهۆیەوە بمرێ، بە بێ هیچ ئاشناییەک لەبارەی شتێکی وەک ژیانەوە کە بەهۆیەوە بمرێ."

ئەو دیدارانەی لەنێوان ژنەکە و پیاوەکەدا ڕوو دەدەن، ناکرێت پێیان بڵێین دیدار. پیاوەکە بە دوای یەکدا ستراتیژیی قێزەون تاقی دەکاتەوە. ئەو، بە دژی ژنەکە و بە هیوایەکی بێهوودەوە، خۆی دەخاتە دۆخی نائومێدییەوە تا بەڵکوو ژنەکە پێی بڵێت چیی لە باردایە. تا بەڵکوو ژنەکە پێی بڵێت کێیە، یا ئەوەیە. ئەمە وەک ئەوە وایە ئاسن بە ساردی بکوتیت. نەک لەبەر ئەوە کە ژنەکە نایەوێت، بەڵکوو لەبەر ئەوە کە ژنەکە دەزانێت "خۆشەویستی" بەو شێوەیە ناکرێت.

نەخۆشیی مەرگ برستی پیاوەکە دەبڕێت و لێ ناگەڕێت عاشق ببێت. ئەو هەڵدەکوتێتە سەر ژنەکە و پاشان ناچار دەگەڕێتەوە دواوە. ئەمە شێتی دەکات: ئەمە، کە بەردەوام بەناچاری دەگەڕێتەوە نێو خەسڵەتەکانی خۆی. پیاوەکە تێدەگات کە ژنەکە بەهێزترە. تێدەگات کە ئەو لە زووەوە ملکەچی لاوازیی خۆی بووە، ملکەچی لاوازیی خودی بوون. یا: ژنەکە چی دەزانێت؟ ئەو ملکەچ بووە.

ئەو حەقیقەتە کە ژنەکە کراوەیە و ناسک، دەبێتە هۆکار تا ژنەکە گەمەکە بباتەوە، تا لە پیاوەکە بباتەوە، تەنانەت ئەو کاتانەیش کە خەوتووە و پیاوەکە بیر لەوە دەکاتەوە بیکوژێت. پیاوەکە نایکوژێت. ژنەکە لەڕێگای قبووڵکردنی لاوازییەکەوە، بە پێچەوانەی پیاوەکە، پێگەیەکی دۆزیوەتەوە کە دەتوانێت لێیەوە ژیان دەست پێ بکات. پیاوەکە قەت ئەوە ناکات. ئەو ناتوانێت ئینسانییەتی خۆی بە شێوەیەکی دیکە، بێجگە لەوە کە پێی وایە مەسەلەکە لە پیاوەتیکەوتنە - لێک بداتەوە. بە وتەیەکی دیکە، ئەو لە دەست ژیان و لە دەست خۆشەویستی هەڵدێت. ئەو نەخۆشیی مەرگی هەیە.



Scanned by CamScanner

تەقریبەن هەموو دەربڕینەکان لە دەقەکەدا شێوەی گریمانەی هەیە. دەقەکە هەوڵی هیچ شتێکی دیکە نادات، ئەوە نەبێت کە لە دواییدا ببێتە کارێکی جێی ڕامان. گێڕەرەوە لە هەر کونج و کەلەبەرێکدا مەرجی شاراوە دادەنێت:

" تۆ دەبوو بتتوانیایە پارەی پێ بدەی."

"ڕۆژی دواتر لەوانەیە لەپڕ هەست بە نەبوونی ئەو لە ژوورەکەدا بکەی."

مەگەر نا؟

چیرۆکەکە لەنێوان ڕێگا لەبارەکاندا هەناسە دەدات. نە چوونە دەرەوە دەزانێت، نە چوونە ژوورەوە. نە بەرەوپێشچوون، نە هاتنەدواوە. ڕاست هەر وەک ئەو پیاوە کە بە دەست نەخۆشییەوە دەناڵێنێت. لەوێ، لە شوێنێکدا، کاکڵەکە هەیە. شێوازی دوراس دەبێتە جۆرێک لە ئاماژە بۆ خوێنەر کە یادەوەریی ئێمە چەند ناسەقامگیرە و چەند زوو ئاڵوگۆڕی بە سەردا دێت. ئەو خەیاڵە کە حاشای لێ ناکرێ و لە گشت گێڕانەوەیەکدا هەیە. وەبیرهێنانەوەی ڕووداوێک، خودی یادەوەری دەشێوێنێت و



Scanned by CamScanner

یەکێکی دیکە بنیات دەنێت. بە بێ هۆ نییە ژاک لاکان[1]ی فرانسایی، کە دوکتۆر و شیکاری دەروونییە - ستایشی مارگرێت دوراس دەکات چونکە لە ڕێگەی ئەدەبییاتەوە ئەو کارە دەکات کە لاکان لە تیۆرییەکانی خۆیدا لێکی دەداتەوە.

مرۆڤ، لە لای لاکان-دا، لەو چاوترووکانەدا کە دەچێتە نێو زمانەوە، "واقعییەت" بە جێدەهێڵێت. بە تەنیا منداڵە چکۆلەکە لە دۆخێکی سروشتیدا دەژیت کە تێیدا چ جیاوازییەک لە گۆڕێدا نییە: دۆخێک کە تێیدا "من" و دنیای دەورەدراو، یەکە. لە هەمان ئەو چاوترووکانەدا کە ئێمە کەڵک لە زمان وەردەگرین هەتا خۆمان و دنیا لێک بدەینەوە، ئەم دوانە بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر لێک جیا دەبنەوە. ئەمە ئەو شتەیە کە زمان دەیکات. وەختێک پیاو چووە نێو دنیاکەیەوە، گەڕانەوەی بۆ نییە.

کاتێک ژنەکە، لە دەقەکەی دوراس-دا، پیاوەکە بە جێدەهێڵێت، پیاوەکە ئەوجا عاشقی دەبێت. تەنیا خۆشەویستییەک کە دەتوانێت ئەزموونی بکات، ئەوەیە کە پێش ئەوە ڕووی دابێت، لە دەستی چووە. ئەوین، هەر وەک ڕاوێکی هیوابڕاو بە دوای شتێکدا

[1] Jacques Lacan

که بوونی نییه، وێنا کراوه. پیاوەکە لە کۆتاییدا بە جۆرێک لە جۆرەکان دۆڕاوە (لەباتیی ئەوە کە دڵخۆش بێت.)

فاوستی گۆتە[٢]، لە هەمان چاوترووکاندا کە بەو چاوترووکانە تێپەڕە دەڵێت، "سەبر کە، تۆ زۆر جوانیت"، دەکەوێتە چنگی شەیتانەوە. خۆشویستنی ئەوە کە لە دەست چووە، تەنیا لەبەر ئەوە کە لە دەست چووە، هەر دەڵێیت کێشەیەکی ئاساییی پیاوانە لە مێژووی ئەدەبیاتی ڕۆژاوادا. ئەمە، بەپێی بیروبۆچوونی دوراس، نەخۆشییە. چونکە ڕاست وەک لاکان، دوراس پێی وایە کە تەنانەت جۆرێکی دیکە لە خۆشویستن هەیە. جۆرێک کە وەهم نییە. خۆشەویستییەک لەو دیوی هەموو کەموکوڕییەکان و مەرزەکان. خۆشەویستییەک کە لە نەشەی ئەوەدا دەژیت کە بوونی هەیە. ڕاست پێچەوانەی: "سەبر کە، تۆ زۆر جوانی."

کاترینە کییەلوس[٣]

---

٢ Goethes Faust

٣ Katrine Kielos



Scanned by CamScanner

# نەخۆشیی مەرگ

مارگرێت دوراس

Scanned by CamScanner

تۆ نەدەبوو بیناسی، بەڵام سەرەڕای ئەوە لە یەککاتدا لە هەموو شوێنێکدا بینیوتە: لە هۆتێلێکدا، لە شەقامێکدا، لە شەمەندەفەرێکدا، لە بارێکدا، لە کتێبێکدا، لە فیلمێکدا، لەنێو خۆتدا، لە ئێوەدا، لە تۆدا، لە هەر کوێدا کە ئەندامی پیاوەتیت شەوانە ڕاست ببێتەوە و بە دوای شوێنێکدا هاوار بکا کە بیگرێتە پێش، شوێنێک کە لەوێدا دەکرێ لە گریانێک کە پڕی دەکا، ئازاد ببێ.



Scanned by CamScanner

تۆ دەبوو بتتوانیایە پارەی پێ بدەی.

دەبوو بتگوتایە: تۆ دەبێ لە ماوەی چەندان ڕۆژدا هەموو شەوێک بێی.

ئەو دەبوو ماوەیەک چاوی لێت بکردایە و پاشان دەبوو بیگوتایە کە لەم حاڵەتەدا گران دەبێ.

پاشان ئەو دەپرسێ: تۆ چیت دەوێ؟

تۆ دەڵێی کە دەتەوێ هەوڵ بدەی، تاقیی بکەیتەوە، هەوڵ بدەی بیزانی، لەگەڵی ڕابێی، لەگەڵ جەستەدا، لەگەڵ مەمکدا، لەگەڵ بۆندا، لەگەڵ جوانیدا، لەگەڵ مەترسیی هێنانەدنیای منداڵەوە کە ئەم جەستەیە وە ئەستۆی دەگرێ، لەگەڵ ئەم قەڵافەتە لووس و لەڕولاواز و بێدەستەڵاتەدا، لەگەڵ ڕوخساردا، لەگەڵ ئەو پێستە ڕووتەدا، لەگەڵ ئەو دیدارە کاتییەی نێوان پێست و ئەو ژیانەدا کە پێست بە یەکەوە گرێی دەدا.

تۆ پێی دەڵێی کە دەتەوێ هەوڵ بدەی، ڕەنگە بە درێژاییی چەندان ڕۆژ هەوڵ بدەی.



Scanned by CamScanner

ڕەنگە بە درێژاییی چەندان هەفتە.

ڕەنگە تەنانەت بە درێژاییی تەواوی ژیانت.

ئەو دەپرسێ: هەوڵی چی؟

تۆ دەڵێی: خۆشویستن.

ئەو دەپرسێ: بۆ؟

تۆ دەڵێی: بۆ ئەوەی لە سەر ئەو زێ بێجووڵەیە بخەوم، لە سەر ئەو شوێنە کە پێت نامۆیە.

دەڵێی کە دەتەوێ هەوڵ بدەی، بگریی، لەوێ، لەم شوێنەی سەر عەرزدا.

ئەو بزەی دێتێ، دەپرسێ: شتێکیشت لە من دەوێ؟

دەڵێی: بەڵێ. هێشتا نازانم چی، پێم خۆشە خۆم بۆ ئەوێیش بئاخنمە ژوورەوە. بە پڕتاو وەک چۆن ڕاهاتووم. دەگوترێ کە هێشتا زیاتر بەرگە دەگرێ،



Scanned by CamScanner

دەگوترێ کە ئەوە مەخمەڵە هێشتا زیاتر بەرگە دەگرێ، تا پووچێ.

دەڵێ کە هیچ تێگەیشتنێکی لەو بارەوە نییە، کە ناتوانێ بزانێ.

ئەو دەپرسێ: مەرجەکانی دیکە دەبێ کامانە بن؟

تۆ دەڵێی کە ئەو وەک ژنەکانی بابوباپیری دەبێ بێدەنگ بێ، بەتەواوی خۆیت بۆ بنووشتێنێتەوە، بۆ خواستت، دەبێ بەتەواوی خۆی بخاتە ژێرتەوە وەک چۆن ژنەدێهاتییەکان لە کادانەکاندا، پاش خەلەوخەرمانی تاقەتپڕووکێن، لە خەودا - لێدەگەڕان پیاوەکان بێنەوە سەر خۆیان، تا تۆ لەسەرخۆ بەم سیمایە ڕابێی کە دەبوو لەگەڵ سیمای تۆدا یەک بگرێ، کە دەبوو لەژێر ڕکێفی تۆدا بێ، وەک چۆن ڕاهیبەکان لەژێر ڕکێفی خودادان - لەبەر ئەوەیش، تاکوو تۆ، دوایی، وەختێک ڕۆژ پەرە دەستێنێ، کەمتر لەوە بترسی کە نەزانی چی لە جەستەت بکەی، یان چ پووچییەکت خۆش بوێ.



Scanned by CamScanner

ئەو سەرنجت دەدا. پاشان چیی دی سەرنجت نادا. نیگای وەردەگێڕێ. پاشان ولاّم دەداتەوە.

ئەو دەڵێ کە وایە هێشتا گرانتر دەبێ. دەڵێ کە چەند دەکا.

تۆ قبووڵ دەکەی.

ئەو هەموو ڕۆژێک دەبوو بێ. هەموو ڕۆژێک دێ.

یەکەم ڕۆژ خۆی ڕووت دەکاتەوە و لە سەر تەختی خەوەکە، لەو شوێنەدا کە تۆ بۆت تەرخان کردووە، ڕادەکشێ.

دەیبینی خەوی لێ دەکەوێ. بێدەنگە. دەخەوێ. تۆ بەدرێژاییی شەو سەرنجی دەدەی.

ئەو دەبوو لەگەڵ شەودا بێ. لەگەڵ شەودا دێ.



Scanned by CamScanner

تۆ بەدرێژاییی شەو سەرنجی دەدەی. دوو شەوی تەواو سەرنجی دەدەی.

ئەو دوو شەو تەقریبەن هیچ قسە ناکا.

پاشان شەوێک دەیکا. قسە دەکا.

لێت دەپرسێ کە داخۆ تۆ ئەوت بۆ ئەوە پێویستە تا جەستەت کەمتر تەنیا بێ. تۆ دەڵێی بەتەواوی لەو وشەیە وەک دەربڕین بۆ بارودۆخت، ناگەی. دەڵێی کە تۆ ئێستا ناتوانی جیاوازی لەنێوان هەستی تەنیابوون و بەپێچەوانەوە، تەنیاکەوتن بکەی. لێی زیاد دەکەی: وەک لەگەڵ تۆدا.

پاشانیش، ئەو جارێکی دیکە لە نیوەشەودا دەپرسێ: ئێستا چ کاتێکی ساڵە؟

تۆ دەڵێی: پێش زستان، هێشتا پاییزە.

ئەو دەیشپرسێ: ئەوە چییە دەبیسترێ؟

تۆ دەڵێی: زەریایە.

ئەو دەپرسێ: زەریا لە کوێیە؟



Scanned by CamScanner

تۆ دەڵێی: لەوێیە، لە پشت دیواری ژوورەکەدا.

ئەو خەوی لێ دەکەوێتەوە.

گەنج، ئەو دەبوو گەنج بێ. لە جلوبەرگەکانیدا، لە قژیدا دەبوو بۆنێک هەبێ کە بمێنێتەوە، تۆ دەبوو بە دوای ئەوەدا بگەڕێی، دەبوو بە پێی ئەو زانستەت لەبارەی بۆنەوە، بتوانی لەکۆتاییدا ناوی لێ بنێی. دەبوو بڵێی: بۆنێک لە گوڵەبەڕۆژە و لیمۆ. ئەو وڵام دەداتەوە: هەر چۆن تۆ دەتەوێ.

شەوێکی دیکە ئەو کارە دەکەی کە پێشبینیکراو بوو، ڕوخسارت دەنێیتە نێوان لنگە کراوەکانیەوە و دەخەوی، لە بەرانبەر زێیدا، بەو زووانە خۆت لەنێو تەڕاییی لەشیدا دەبینیتەوە، لەوێدا کە خۆی دەکاتەوە. ئەو لێت دەگەڕێ وا بکەی.



Scanned by CamScanner

شەوێکی دیکە، هەر بۆ خۆشی، چێژی پێ دەبەخشی و ئەو هاوار دەکا.

پێی دەڵێی کە هاوار نەکا. دەڵێ کە چیی دیکە هاوار ناکا.

ئەو چیی دیکە هاوار ناکا.

لەوەبەدوا تۆ چیی دیکە قەت لێناگەڕێی هیچ ژنێک هاوار بکا.

ڕەنگە تۆ چێژێک لەودا ببینیتەوە کە تا ئێستا هەستت پێ نەکردووە، من نازانم. نایشزانم کە داخۆ لەو مرخە کپ و دوورانەی لەزەتی، لەڕێگای هەناسەدانیەوە، لەڕێگای ئەو مشەمشە جوانانەوە کە لەنێوان دەمی و هەوای دەرەوەدا دێن و دەچن، تێدەگەی. پێم وا نییە.

ئەو چاو دەکاتەوە، دەڵێ: چ بەختەوەرییەک.

تۆ دەستت دەخەیتە سەر دەمی هەتا بێدەنگ بێ، پێی دەڵێی کە بنیادەم ئاوا ناڵێ.



Scanned by CamScanner

ئەو چاو لێک دەنێ.

دەڵێ کە چیی دیکە ئاوا ناڵێ.

ئەو دەپرسێ ئایا ئەوان لەو بارەوە قسە دەکەن، لەنێو خۆیاندا. تۆ دەڵێی نا.

دەپرسێ کە ئەوان لەبارەی چییەوە قسە دەکەن. دەڵێی کە ئەوان لەبارەی هەموو شتێکی دیکەوە قسە دەکەن، کە ئەوان لەبارەی هەموو شتێکەوە قسە دەکەن، لەبارەی ئەوەوە نەبێ.

ئەو پێدەکەنێ، خەوی لێ دەکەوێتەوە.

جاروبار لە ژوورەکەدا بە دەوری تەختەکەدا دەسوورێیتەوە یان بە درێژاییی دیوارەکە بەرەو زەریاکە دەچی.

جاروبار دەگریی.



Scanned by CamScanner

جاروبار بەو سەرمایەی تازە دەستی پێ کردووە، دەچێتە بەر هەیوانەکە.

تۆ نازانی خەو لە لای ئەو کە لە سەر تەختەکە ڕاکشاوە، هەڵگری چییە.

پێت خۆشە لە کۆڵ ئەو جەستەیە ببیتەوە، پێت خۆشە ڕوو لە جەستەی دیکە بکەی، لە جەستەی خۆت، ڕوو لە خۆت بکەی و لە هەمانکاتدا دەگریی چونکە هەر ئەوەندەت لە دەست دێ.

ئەو، لە ژوورەکەدا، خەوتووە. ئەو خەوتووە. تۆ لە خەوی ناکەی. هاوکات کە خەوی ئەو لە ژوورەکەدا بڵاو دەبێتەوە، ناکامی لە ژوورەکەدا گەشە دەکا. یەک جار لە سەر عەرز لە بن تەختەکەی ئەو دەخەوی.

ئەو هەمیشە بەو شێوە یەکسانەی خۆی دەخەوێ. ئەوەندە باش دەخەوێ کە جاروبار لە خەودا زەردەخەنەی لە سەر لێوە. ئەو تەنیا ئەو وەختە لە خەو هەڵدەستێت کە تۆ دەست لە جەستەی، لە مەمکی، لە چاوی دەدەی. هێندێکجاریش بە بێ هۆ لە خەو

هەڵدەستێ، تەنیا بۆ ئەوەی لێت بپرسێ ئایا ئەوە هەوایە دەبیسترێ یان خێزاو.

ئەو لەخەو هەڵدەستێ. چاوت لێ دەکا. دەڵێ: نەخۆشی زیاتر هێرشت بۆ دەهێنێ، گەیشتووەتە چاوەکانت، دەنگت.

تۆ دەپرسی: کام نەخۆشی؟

دەڵێ کە هێشتا نازانێ چیی ناو بنێ.

شەو لە دوای شەو خۆت دەئاخنیتە تاریکاییی زێی ئەوەوە، تەقریبەن ناشارەزا ئەم کوێرەڕێگایە دەگریتە بەر. جاروبار لەوێ دەمێنیتەوە، لەنێو ئەودا، تەواوی شەو، تا لە بچووکترین جووڵانەوەی نەخوازراودا لەلایەن ئەو یان تۆوە، ئامادە بی جارێکی دیکە بیگری، ئەگەر هەوەس دووبارە سەری لێ دایەوە، تا زیاتر پڕی بکەی، تا تەنیا چێژ لە هەوەسێک ببینی کە هەمیشە بە فرمێسک کوێر کراوە.



Scanned by CamScanner

ئەو دەبوو هەمیشە ئامادە بێ، چ بیویستایە یان نا. دروست ئا لەو خاڵەدا، تۆ بۆت نەبوو هەرگیز شتێک بزانی. ئەو لە هەموو ڕووناکییەک کە تۆ تائێستا ناسیوتە، تاریکترە.

تۆ هەرگیزیش بۆت نەبوو بزانی، نە تۆ و نە هیچ کەسێکی دیکە، هەرگیز، کە ئەو چ دەبینێ، سەبارەت بە دنیا و سەبارەت بە تۆ، هەروەها سەبارەت بە جەستە و سەبارەت بە ڕۆحت و سەبارەت بەو نەخۆشییە کە دەڵێ بەربینگی پێ گرتووی، چۆناوچۆن بیر دەکاتەوە. ئەو خۆی نازانێ. ئەو نەدەبوو بتوانێ لەو بارەوە قسەت بۆ بکا، ئەو نەدەبوو هەرگیز لێت بگەڕێ شتێک بزانی.

هەرگیز بۆت نەبوو شتێک بزانی، نە تۆ و نە هیچ کەسێکی دیکە، سەبارەت بەو شتە کە ئەو لە بارەتەوە بیر دەکاتەوە، سەبارەت بە ئا ئەم سەرگورشتەیە.

کام سەدەیە بوونتان بە فرامۆشی دەسپێرێ، کەس بۆی نییە بزانێ. ئەو خۆی زانیاریی بەسەر خۆیدا نییە.



Scanned by CamScanner

دوای ئەوەی تۆ هیچ شتێک لەبارەی ئەوەوە نازانی، دەبوو بڵێی کە ئەو هیچ شتێک لەبارەی تۆوە نازانی. ئێوە لێی دەگەڕێن وا بێ.

ئەو دەبوو باڵای بەرز بوایە. لەشولار دەبوو باریکەڵە بوایە، ئەو دەبوو لە تاکە فۆرمێکدا، لە تاکە هەلێکدا، کە لە سۆنگەی خودا خۆیەوە، لەگەڵ بێخەوشیی پاکنەبووەوەی ئەو ڕێکەوتە تاکەکەسییەدا، داڕێژراو بوایە.

لەڕاستیدا ئەو نەدەبوو لە کەسی دیکە بچێ.

جەستە تەواو بێدەستەڵاتە، لە ڕوخسارەوە تا لای قاچەکان سافە. ئەو خوڵک دەکا کە بخنکێنرێ، دەستدرێژیی بکرێتە سەر، لێی بدرێ، سووکایەتیی پێ بکرێ، بە هاتوهاواری قیناوی کپ بکرێ، ببێ بە ئامرازی ئێشوئازاری کوشندە.

تۆ سەرنجی دەدەی.

ئەو زۆر لەڕولاوازە، کەمتاکورت بەلەباریک، لاقەکانی جوانییەکیان هەیە کە بەشێک لە جوانیی لەش نین. وەک بڵێی ئەو لاقانە نەدەبوو لەڕاستیدا لەگەڵ بەشەکانی دیکەی جەستەیدا پێوەند بدرێن.

پێی دەڵێی: تۆ دەبێ یەکجار زۆر جوان بی.

دەڵێ: من لێرەم، بڕوانە، من لە بەردەمتدام.

دەڵێی: من هیچشتێک نابینم.

دەڵێ: هەوڵ بدە کە ببینی، پارەی ئەمەیشت داوە.

تۆ جەستەی دەگری، لە بەشە جۆراوجۆرەکانی دەڕوانی، ئەمدیو و ئەودیوی دەکەی، دیسان ئەمدیو و ئەودیوی دەکەی، سەرنجی دەدەی، دیسان سەرنجی دەدەی.

واز دەهێنی.

واز دەهێنی. کۆتایی بە دەستلێدانی جەستە دەهێنی.



Scanned by CamScanner

تا ئەو شەوە تێنەگەیشتبووی کە پیاو چۆن دەتوانێ لەوە بێئاگا بێ کە چاو دەیبینێ، لەوە کە دەست بەری دەکەوێ، لەوە کە جەستە بەری دەکەوێ. تۆ پەی بەم بێئاگاییە دەبەی.

تۆ دەڵێی: من هیچشتێک نابینم.

ئەو وڵام ناداتەوە.

ئەو خەوتووە.

لە خەو هەڵیدەستێنی. لێی دەپرسی کە داخۆ قەحبەیە. ئەو سەر با دەدا.

لێی دەپرسی کە لەبەرچی گرێبەستی ئەو شەوە پارەدراوانەی قبووڵ کردووە.

ئەو بە دەنگێکی هێشتا خەواڵوو و تا ئەندازەیەک نەبیستراوەوە وڵام دەداتەوە: لەبەر ئەوەی هەر کە تۆ لەگەڵم قسەت کرد، بینیم کە نەخۆشیی مەرگت تووش

بووە. ڕۆژەکانی ئەوەڵ نەمتوانی ناوێک لە نەخۆشییەکە بنێم. بەڵام پاشان زانیم.

تۆ تکای لێدەکەی دیسان وشەکان دووبارە بکاتەوە. ئەو دەیکاتەوە، ئەو وشەکان دووبارە دەکاتەوە: نەخۆشیی مەرگ.

لێی دەپرسی کە چۆن دەزانێ. دەڵێ کە دەزانێ. دەڵێ کە پیاو دەیزانێ بێ ئەوەی بزانێ چۆن دەزانێ.

لێی دەپرسی: چۆناوچۆن نەخۆشیی مەرگ کوشندەیە؟ وەڵام دەداتەوە: لەو ڕێگایەوە کە ئەو کەسەی تووشی بووە، نازانێ کە هەڵی گرتووە، کە مەرگی هەڵگرتووە. هەروەها لەو ڕێگایەیشەوە کە ئەو دەبێ بمرێ بە بێ ئەوەی پێش لەوە ژیانێک ژیابێ کە بەهۆیەوە بمرێ، بە بێ هیچ ئاشناییەک لەبارەی شتێکی وەک ژیانەوە کە بەهۆیەوە بمرێ.



Scanned by CamScanner

چاوەکان هێشتا داخراون. هەر دەڵێی لە دەست شەکەتییەکی دێرین دەحەسێتەوە. وەختێک خەوتووە، تۆ ڕەنگی چاوەکانیت لە بیر کردووە، وەک ئەو ناوە کە شەوی یەکەم پێت دا. پاشان پەی بەوە دەبەی کە ئەوە ڕەنگی چاو نییە دەبوو بۆ هەمیشە بتوانێ ببێ بەو دیوارە دڕپێنەدراوەی نێوان ئەو و تۆ. نا، ڕەنگەکە نییە، تۆ دەزانی کە دەبوو لەنێوان سەوز و خۆڵەمێشیدا بێ، نا، ڕەنگەکە نییە، نا، بەڵکوو نیگاکەیە.

نیگا.

تێبینی دەکەی کە سەیرت دەکا.

تۆ هاوار دەکەی. ئەو ڕووی بۆ لای دیوارەکە وەردەگێڕێ.

دەڵێ: ئەمە کۆتاییەکەیەتی، مەترسە.

بە باڵێک بۆ لای خۆت بەرزی دەکەیتەوە، هێندە سووکە. تۆ تماشا دەکەی.



Scanned by CamScanner

مەمکی سەیر قاوەیین، گۆمەمکەکانی مەیلەو ڕەشن. دەیانخۆی، دەیانخۆیتەوە و جەستە نارەزایەتی پیشان نادا، ئەو لێ دەگەڕێ ئەمە ڕوو بدا، خۆی شل دەکا. ڕەنگە تۆ جارێکی دیکەیش هاوار بکەیتەوە. جارێکی دیکە تکای لێ دەکەی وشەیەک بڵێ، تاکە یەک وشە، ئەوە کە ناوی تۆیە، تۆ دەڵێی کامەیە، ئەم ناوە. ئەو وڵام ناداتەوە، بۆیە تۆ دیسان هاوار دەکەی. لەم کاتەدایە زەردەخەنەیەکی دێتە سەر لێو. لەم کاتەدایە دەزانی زیندووە.

زەردەخەنەکە بزر دەبێ. ئەو ناوەکەی نەگوتووە.

تۆ دووبارە سەیر دەکەی. ڕوخسار خۆی داوەتە دەست خەو، سڕە، تەزیوە هەروەک دەستەکان. بەڵام هێشتا هۆشیاریی ئەو لە توێژاڵی جەستەدا بە بەریەوە ماوە، خوڕە دەکا و دەبێتە هۆی ئەوە کە هەر بەشێکی جەستە بەتەنیا گەواهی لەسەر تەواوەتیی جەستە بدا، دەست هەروەک چاوەکان، خڕیی سک هەروەک ڕوخسار، مەمک هەروەک زێ، قاچەکان هەروەک باڵەکان، هەناسەدان، دڵ، لاجانگەکان، لاجانگەکان هەروەک کات.



Scanned by CamScanner

دەگەڕێیتەوە دواوە بۆ هەیوانەکە، ڕوو بەو زەریایەی ڕەشە.

لە ناختدا ئەم پرمەی گریانانە کە تۆ هۆکارەکەی نازانی. لە لێواری خۆتدا پەنگ دەخۆنەوە وەک لە دەرەوەی تۆدا بن، ناتوانن لەگەڵ تۆ ببن بە یەک، تا تۆ بتوانی بە گریان هەڵیان بڕێژی. ڕوو بەو زەریا ڕەشە، ڕوو بە دیواری ژوورەکە کە ئەوی لێ خەوتووە، بە سەر خۆتدا دەگریی کە نەناسیاوێک دەبوو ئەمە بکا.

دیسان خۆت بە ژووری خەوەکەدا دەکەی. ئەو خەوتووە. تۆ تێناگەی. ئەو خەوتووە، ڕووتوقووت لە شوێنی خۆی، لە سەر تەختەکەدا. تۆ تێناگەی کە چۆن دەشێ ئەو ئاگای لە گریانەکەت نەبێ، کە ئەو لە خۆیدا بتوانێ ئاوا بەرانبەر بە تۆ پارێزراو بێ، کە ئەو لەوە بێئاگا بمێنێتەوە کە چۆن تەواوی دنیا تێکوپێک دەدا.

لە پەنایدا ڕادەکشێی. هێشتا بە سەر خۆتدا دەگریی.



Scanned by CamScanner

پاشان تەقریبەن سپێدەیە. پاشان ڕووناکییەکی لێڵ لە ڕەنگی نادیار باڵ بەسەر ژوورەکەدا دەکێشێ. پاشان گڵۆپەکان دادەگیرسێنی تا ببینی. تا هەر ئەو ببینی. تا ئەوە ببینی کە قەت لەگەڵی ئاشنا نەبوویتە، ئەو زێ شاراوەیە، ئەوە ببینی کە هەڵدەلووشێ و توند دەگووشێ بە بێ ئەوەی لێی دیاری بدا کە ئاوایە، ئەوە بەم شێوەیە ببینی، داخراو لە خەونیدا، خەوتوو. هەروەها بۆ ئەوەی ئەو پەڵانە ببینی کە بە سەریدا پەرشوبڵاو دەبنەوە، هەر لە بێخی سەریەوە هەتا بن مەمکەکان، ڕاست لەوێ کە مل بۆ قورساییی خۆیان دەدەن، هەڵواسراو بە گرێژنەی بازووەکاندا، پەڵەکان ببینی کە بە سەر ئەو پێڵووە داخراوانە و بە سەر ئەو لێوە نیوەکراو و ڕەنگزەردانەیشدا پەرشوبڵاو دەبنەوە. بە خۆت دەڵێی: لە شوێنگەلێک کە خۆر هاوینان دەدرەوشێتەوە، لە شوێنی کراوەدا، نمایشکراو تا ببینرێن.

ئەو خەوتووە.

تۆ گڵۆپەکان دەکوژێنیتەوە.

تەقریبەن دنیا ڕووناکە.



Scanned by CamScanner

هێشتا تەقریبەن سپێدەیە. زەمان هەروەک تاقی ئاسمان بەرین. بێئەندازەیە، کات نازانێ ڕێگای کوێ بگرێتە بەر. کات کڕوکپ ڕاوەستاوە. تۆ بە خۆت دەڵێی کە ئەو دەبوو بمرێ. تۆ بە خۆت دەڵێی کە ئەو ئەگەر ئێستا بمردایە، لەم سەعاتەی شەودا، ئاسانتر دەبوو، ڕەنگە بتەوێ بڵێی: بۆ تۆ، بەڵام ڕستەکە تەواو ناکەی.

گوێ بۆ هاژەی زەریا کە دەستی بە هەڵچوون کردووە، ڕادەگری. لەوێ، لە شوێنی خۆی لە سەر تەختەکەدا، ئەم غەوارەیە لە ئاوی سپیی مەلافە سپییەکاندا ڕاکشاوە. ئەم سپێتییە سیمای تاریکتر دەکا، دیارتر لەوە ئەگەر بوونەوەرێکی حەیوانی بوایە کە ژیان بە پەلە وازی لێ هێناوە، دیارتر لەوە ئەگەر هیی مەرگ بوایە.

سەیری ئەم سیمایە دەکەی و تێیدا، لە هەمانکاتدا، ئەو هێزە دۆزەخییە، ئەو ناسکی و لاوازییە ڕقهەستێنە، ئەو هێزە لەشکاننەهاتووە لە لاوازییەکی بێهاوتادا، دەدۆزیتەوە.



Scanned by CamScanner

ژوورەکە بە جێ دەهێڵێ، دەگەڕێیتەوە دواوە بۆ هەیوانەکە کە ڕوو بە زەریاکەیە، دوور لە بۆنی ئەو.

نمەنمە باران دەبارێ، زەریا لەژێر ڕۆشنایی ڕەنگپەڕیوی ئاسماندا هێشتا ڕەشە. هاژەکە دەبیستی. ئاوە ڕەشەکە درێژە بە هەڵچوون دەدا، نێزیک دەبێتەوە. تەکان دەخوا. بێبڕانەوە تەکان دەخوا. بەنێویدا ڕووباری سپی و درێژ، خێزاوی درێژ کە بە غەڵبەغەڵبێکی سپییەوە دەکەونە خوارەوە، تێدەپەڕن. زەریا ڕەشەکە بەهێزە. لە دوورەوە هەورەتریشقەیەک دەبیسترێ، زیاتر بە شەوان. ماوەیەکی زۆر ڕادەوەستی و لێی دەڕوانی.

ئەو بیرەت بە مێشکدا دێ کە زەریا ڕەشەکە لەجیاتیی شتێکی دیکە تەکان دەخوا، لە جیاتیی تۆ و ئەو سیما تاریکەی سەر نوێنەکە.

تۆ ڕستەکەت تەواو دەکەی. خۆت قایل دەکەی کە ئەو ئەگەر قەرار بێ ئێستا بمرێ، لەم سەعاتەی شەودا، بۆ تۆ ئاسانتر دەبوو لە سەر ڕووی زەوی لای ببەی، ئاسانتر دەبوو فڕێی بدەیتە نێو ئەو ئاوە ڕەشەوە، چەند

دەقیقەیەک پێویست دەبوو تا لاشەیەک بەو کێشەی ئەو، فڕێ بدەیتە نێو ئەو ئاوە هەڵچووەوە تا تەختەکە لەم بۆگەنەی گوڵەبەڕۆژە و لیمۆ ڕزگاری ببێ.

دیسان دەگەڕێیتەوە بۆ ژوورەکە. ئەو لەوێیە، خەوتووە، بەجێهێشتراو لە تاریکیی خۆیدا، بە شکۆ.

تۆ پەی بەوە دەبەی کە ئەو بە جۆرێکی ئەوتۆ دروست کراوە کە لەوە دەچێ جەستەی، لە هەر کاتێکدا، لەسەر داخوازیی خۆی، بتوانێ واز لە ژیان بهێنێ، بە چواردەوریدا پەرشوبڵاو ببێتەوە، لەپێش چاوی تۆ ون ببێ و ئەمە لەنێو ئەم هەڕەشەیەدایە کە دەخەوێ، کە ملی کەچ دەکا تا لە سۆنگەی تۆوە ببینرێ. کە ئەمە لەنێو ئەم مەترسییە هەڕەشەئامێزەدایە کە دەخەوێ، لە نێزیکی زەریادا، چۆڵوهۆڵ، هێشتا زۆر ڕەش.

لە دەوروبەری جەستەدا، ژوورەکە. دەکرا ژووری خودی خۆت بێ. ئاوەدانە لە سۆنگەی ئەوەوە، لە



Scanned by CamScanner

سۆنگەی ژنێکەوە. تۆ چیی دیکە ژوورەکە ناناسیتەوە. خاڵییە لە ژیان، بە بێ تۆیە، بە بێ هاوتاکەت. تەنیا لە سۆنگەی قاڵبی نەرم و درێژی ئەو سیما بێگانەیەی سەر نوێنگەکەتە کە ژوورەکەت ئاوەدانە.

ئەو دەجووڵێتەوە، چاوەکان تا نیوە دەکرێنەوە. دەپرسێ: چەند شەوی پارەدراوی دیکە؟ دەڵێی: سێ.

دەپرسێ: قەت وا بووە ژنێکت خۆش بوێ؟ دەڵێی نا، هەرگیز.

دەپرسێ: قەت وا بووە عاشقی ژنێک ببی؟ دەڵێی نا، هەرگیز.

دەپرسێ: تەنیا بۆ جاریش نا، بۆ چرکەیەک؟ دەڵێی نا، هەرگیز.

دەڵێ: هەرگیز؟ هەرگیز؟ دووبارەی دەکەیتەوە: هەرگیز.

بزەی دێتە سەر لێو، دەڵێ: ئینسانی مردوو، سەیرە.



Scanned by CamScanner

ئەو دەست پێ دەکاتەوە: تماشاکردنی ژن، داخۆ تۆ هەرگیز تماشای ژنت کردووە؟ دەڵێی نا، هەرگیز.

دەپرسێ: تۆ تماشای چی دەکەی؟ دەڵێی: هەموو شتێکی تر.

کێشی خۆی دەهێنێ، بێدەنگ دەبێ. بزەی دێتە سەر لێو، خەوی لێ دەکەوێتەوە.

تۆ دیسان دەچیتەوە ژوورەوە. ئەو لە ئاوی سپیی مەلافەکەدا جووڵەی نەکردووە. سەیری دەکەی بە شێوەیەک کە پێشتر هەرگیز ڕێت بە خۆت نەدابوو بیکەی. هەرگیز، نە لەگەڵ هاوتاکانی و نە لەگەڵ خۆیدا.

سەیری ئەو سیمایە دەکەی کە سەدان ساڵە گومانلێکراوە. واز دەهێنی.



Scanned by CamScanner

تۆ چیی دیکە نابینی. تۆ چیی دیکە هیچشتێک نابینی. چاو لێکدەنێی هەتا لە کەسایەتیتدا، لە مەرگتدا، خۆت بدۆزیتەوە.

وەختێک چاو دەکەیتەوە، ئەو هێشتا ماوە، تا ئێستا ماوە.

دەگەڕێیتەوە بۆ لای ئەو جەستە نامۆیە. خەوتووە.

سەیری نەخۆشییەکەی ژیانت دەکەی، نەخۆشیی مەرگ. لەودایە، لە جەستەی خەوتووی ئەودایە، کە دەیبینی. سەیری بەشە جۆراوجۆرەکانی لەش دەکەی، سەیری ڕوخسار، مەمک، هەرێمە ناڕوونەکانی زێ.

بەرەو هەرێمی دڵ دەڕوانی. پێت وایە ترپەکانی دڵ جیاوازن، دوورترن، وشەکەت بە زەیندا دێت: نامۆتر. ترپەکان ئاساییِن. وا دەنوێنێ کە هەرگیز لە لێدان ناکەون. لەشت لەو شتە نێزیک دەکەیتەوە کە جەستەی ئەوە. شلەتێنە، فێنکە. ئەو هێشتا زیندووە. ئەو بانگهێشتی کوشتن دەکا لەحاڵێکدا زیندووە. لە خۆت دەپرسی چۆناوچۆن دەکوژرێ و کێ دەیکوژێ. تۆ هیچشتێک، هیچکەسێکت خۆش ناوێ، تەنانەت ئەم کەسایەتییەیشت خۆش ناوێ کە ژیانتی ڕەنگڕێژ

کردووە. تۆ تەنیا نەرمونیانی لە لای جەستەی مردوو، لە لای لەشە هاوتاکانی خۆتدا، دەناسیتەوە. لەپڕ جیاوازیی نێوان نەرمونیانیی جەستەی مردوو و ئەوەی ئێستا لێرەیە، دەبینی، جەستەیەک کە لەڕادەبەدەر ناسک دروست کراوە کە دەکرێ بە تاکە بەرکەوتنێک تێکبشکێ، ئەم خاوەنشکۆیە.

بۆت دەردەکەوێ کە لەوێدایە، لە ئەودایە، کە نەخۆشیی مەرگەکە خۆراکی پێ دەدرێ، کە ئەوە ئەو سیما بڵاوبووەوەی بەردەمتە کە نەخۆشیی مەرگەکە ڕادەسپێرێت.

هەناسە، ئەو لێوانەی نیوەکراوەن بەجێدەهێڵێ، دەگەڕێتەوە، خۆی بە ژووردا دەکا و دیسان دێتەوە دەرەوە. چەرخی گۆشتەکە یەکجار زۆر تەواوە. بەسەریدا نووشتاویتەوە، بێ هەست و خوست، لێی دەڕوانی. دەزانی کە چیت بوێ، مەترسیدارترین شتیش، دەتوانی پێی بکەی. نایکەی. لەبەرانبەردا، بەوریاییەوە جەستەی دەشێلی وەک بڵێی تووشی مەترسیی چێژ



Scanned by CamScanner

بووبێ. دەستت لە سەر زێیە، درزی نێوان لێوەکان دەشێلێ. سەرنجی قەڵشتی نێوان لێوەکان و ئەوە کە دەوری داوە، دەدەی، سەرنجی تەواوی جەستە. تۆ هیچشتێک نابینی.

تۆ پێت خۆشە هەموو شتێکی ژن ببینی، هەموو ئەو شتانە کە دەکرێ ببینرێن. تێناگەی کە ئەمە بۆ تۆ ئیمکانی نییە.

سەرنجی ئەو سیما داخراوە دەدەی.

سەرەتا سووکە مووچڕکێک دەبینی کە لە پێستدا هەڵدەکۆڵرێ، ڕاست وەک لە سۆنگەی ئازارەوە. پاشانیش دەبینی چۆن پێڵووەکان دەلەرزن، وەک چاو بیەوێ ببینێ. پاشانیش دەبینی چۆن دەم خۆی دەکاتەوە، وەک دەم بیەوێ قسە بکا. پاشانیش تێبینی دەکەی کە لێوەکانی زێ، لە کاتی شێلانەکانتدا، دەماسێن و لە مەخمەڵیانەوە تەڕییەکی گەرم و لینجاویی وەک خوێن، دێ. ئەوکات شێلانەکانت بەجۆشتر دەبن. تێبینی دەکەی کە ڕانەکان دەکرێنەوە تا زیاتر شوێن بۆ دەستت بکەنەوە، تا تۆ باشتر دەرەقەتی بێی.

لەپڕ دەبینی چۆن هەوەس، لەگەڵ ئاهونالەیەکدا، دایدەگرێ، بەتەواوی دەیبا، وای لێ دەکا لە سەر تەختەکەدا بە پێوە ڕابوەستێ. بەچڕوپڕی سەرنجی ئەوە دەدەی کە ئێستا لەگەڵ جەستەیدا بە ئەنجامت گەیاندووە. پاشان دەیبینی دەکەوێتەوە بە پشتدا، بۆ سەر سپێتیی نوێنگەکە، بێجووڵە. هەناسەبڕکێیەتی، بە دەم ڕاچەنینەوە، تاوناتاوێک. پاشان چاوەکان پتر دەنووقێن و زیاتر ڕوخسار دادەخەن. پاشان دەکرێنەوە، پاشان دەنووقێن.

دەنووقێن.

تۆ سەرنجی هەموو شتێکت داوە. لەئاکامدا، بە نۆرەی خۆت، چاو دەنووقێنی. ماوەیەکی زۆر هەر وا دەمێنیتەوە، بە چاوی نووقاوەوە، هەروەک ئەو.



Scanned by CamScanner

تۆ بیر لەوە دەکەیتەوە کە لە دەرەوەی ژوورەکەتدایە، بیر لە شەقامەکانی شار، لەو شوێنە بچکۆلە و کراوانە، کە لە پەنای وێستگەکەدا فراوانن. لە ڕۆژانی شەممەی زستاندا، کە هەموویان لێک دەچن.

دواتریش گوێ بۆ ئەو هاژەیە ڕادەدێری کە نێزیک دەبێتەوە، گوێ بۆ زەریاکە ڕادەدێری.

تۆ گوێ بۆ زەریاکە ڕادەدێری. لە دیوارەکانی ژوورەکەوە زۆر نێزیکە. لە پەنجەرەکەوە هێشتا ئەم ڕووناکییە کەمڕەنگە، زەوتکردنی لەسەرخۆی ڕۆژ بەدەست ئاسمان، زەریاکە کە هێشتا ڕەشە، ئەو جەستە خەوتووە، ئەو نامۆیە لە ژوورەکەدا.

دواتر دەیکەی. من نازانم بۆ دەیکەی. بە بێ ئەوەی بزانم دەتبینم دەیکەی. تۆ دەبوو بتوانی ژوورەکە بە جێ بهێڵی، لە جەستەکە ون ببی، لەو سیما خەوتووە. بەڵام ئەوەیان ناکەی. لەگەڵ ئەم تایبەتمەندییە گشتییانەدا کە لەو جیات دەکاتەوە، کارێک دەکەی کە



Scanned by CamScanner

هەر کەسێکی دیکە دەیکرد، تۆ دەگەڕێیتەوە لای جەستەکە.

بەتەواوەتی بە جەستەی خۆت دایدەپۆشی، بۆ لای خۆت بەرزی دەکەیتەوە تا بە قورساییت تێکی نەشکێنی، تا خۆت لە کوشتنی ببوێری، پاشان دەیکەی، دەگەڕێیتەوە بۆ ئەو پەناگەی شەوانەیە، لەوێ نوقم دەبی.

لەم مەنزڵەدا دەمێنیتەوە. دووبارە دەگریی. پێت وایە دەزانی، بەڵام نازانی چی، ناگەیتە ناخی تێگەیشتن، پێت وایە کە تۆ خۆت هێمای چارەڕەشیی دنیای، هێمای چارەنووسێکی هەڵبژێردراو. پێت وایە خۆت فەرمانڕەوای ئەم ڕەوتەی کە لە ئارادایە، پێت وایە ئەمە بوونی هەیە.

ئەو خەوتووە، زەردەخەنە لە سەر لێوەکانی، وەک بڵێی بۆ کوژران.

تۆ لە مەنزڵی جەستەیدا ڕاکشاو ماویتەتەوە.

ئەو لە خەودا پڕە لە تۆ. ئەو هاوارە سووکانە کە بەنێو جەستەدا تێدەپەڕن، زیاتر ئاشکرا دەبن. ئەو لە



Scanned by CamScanner

بەختەوەرییەکی خەوناویدایە کە لە پیاوێک پڕ بێ، لە تۆ، یا کەسێکی دیکە، یا کەسێکی دیکەی دیکە.

تۆ دەگریی.

گریانەکە هەڵیدەستێنێ. سەیرت دەکا. سەیری ژوورەکە دەکا. دیسان سەیری تۆ دەکا. دەستت دەلاوێنێتەوە. دەپرسێ: بۆ دەگریی؟ دەڵێی کە ئەوە ئێشی ئەوە بڵێ بۆچی دەگریی، کە ئەوە دەبوو بزانێ.

ئەو زۆر لەسەرخۆ، دڵسۆزانە، وڵام دەداتەوە: لە بەر ئەوەیە خۆشەویستی ناکەی؟ وڵام دەدەیتەوە کە ئاوایە.

داوات لێ دەکا کە ڕوون و ڕەوان پێی بڵێی. پێی دەڵێی: من خۆشەویستی ناکەم.

دەڵێ: هەرگیز؟

دەڵێی: هەرگیز.

دەڵێ: هەوەسی ئەوە کە تەقریبەن ئەویندارێک بکوژی، کە بۆ خۆت بیپارێزی، بەتەنیا هەر بۆ خۆت، کە بیبەی،



Scanned by CamScanner

که به دژی گشت یاساکان بیدزی، به دژی هەموو هێزەکانی ڕەوشت، ئەو هەستەت نییە، هەرگیز هەستی وات نەکردووە؟

دەڵێی: هەرگیز.

سەرنجت دەدا، دووبارەی دەکاتەوە: ئینسانی مردوو، سەیرە.

ئەو لێت دەپرسێ کە داخۆ دەریات بینیوە، لێت دەپرسێ کە داخۆ ڕۆژ بووەتەوە، کە داخۆ ڕووناکە.

تۆ دەڵێی کە سپێدەی داوە، بەڵام لەم کاتەی ساڵدا زۆری پێ دەچێ کە ڕۆژ ئەو ئاسمانە، کە ڕووناکیی پێ دەدا، دابگرێ.

لەبارەی ڕەنگی زەریاکەوە پرسیارت لێ دەکا.

دەڵێی: ڕەش.

ئەو وڵام دەداتەوە کە زەریاکە هەرگیز ڕەش نییە، کە تۆ لەوانەیە هەڵە بکەی.



Scanned by CamScanner

تۆ لێی دەپرسی کە ئایا ئەو پێی وایە کەسێک بتوانێ خۆشی بوێ.

ئەو دەڵێ کە بنیادەم لە هیچ هەلومەرجێکدا ناتوانێ. لێی دەپرسی: لەبەر مەرگ؟ دەڵێ: بەڵێ، لەبەر ئەم بێتامییە، ئەم دۆخەی هەستەکانت، لەبەر ئەم درۆیە کە دەڵێی زەریاکە ڕەشە.

پاشان بێدەنگ دەبێ.

دەترسی خەوی لێ بکەوێتەوە، هەڵیدەستێنی، دەڵێ: زیاتر قسە بکە. دەڵێ: کە وایە تۆ دەتوانی پرسیارم لێ بکەی، من لە خۆمەوە ناتوانم. سەرلەنوێ لێی دەپرسیتەوە کە داخۆ کەسێک دەتوانێت خۆشی بوێ. سەرلەنوێ دەڵێ: نا.

دەڵێ کە تۆزێک پێش ئێستا، وەختێک لە هەیوانەکەوە گەڕایەوە و بۆ دووەمین جار چوویە ژوورەوە، ئیشتیات لێ بوو بیکوژی، دەڵێ کە لە ڕێگای نیگاتەوە بۆ وی، وەختێک خەوتبوو، لەمە گەیشتووە. داوات لێ دەکا بڵێی بۆچی.

دەڵێی کە نازانی بۆچی، کە هیچ تێگەیشتنێکت لە نەخۆشییەکەت نییە.

ئەو بزەی دەکەوێتە سەر لێو، دەڵێ کە ئەوە یەکەم جارە، کە پێش ئەوەی چاوی بە تۆ بکەوێ، نەیدەزانی مەرگ دەتوانێ بژی.

ئەو لە فیلتەرە سەوزەکانی چاویەوە لێت دەڕوانێ. دەڵێ: تۆ هێزی مەرگ ڕادەگەیەنی. پیاو ناتوانێ مەرگی خۆش بوێ، بێتوو لە دەرەوە بەسەریدا داسەپێ. تۆ پێت وایە لەبەر ئەوە دەگریی کە ناتوانی عاشق بی. تۆ بۆ ئەوە دەگریی کە ناتوانی مەرگ بە سەر کەسێکدا داسەپێنی.

خەریکە دیسان خەوی لێ دەکەوێتەوە. بە دەنگێکی نزم دەڵێ: تۆ لە تاو مەرگ، دەمری. مەرگی تۆ تازە دەستی پێ کردووە.



Scanned by CamScanner

تۆ دەگریی. ئەو دەڵێ: مەگری، ئەوە ناهێنێ، واز لەو خووەت بێنە و بەس بە سەر خۆتدا بگریی، ئەوە ناهێنێ.

بە شێوەیەک کە هەستی پێ ناکرێ، ژوورەکە بەهۆی ئەو خۆرەتاوە هێشتا لێڵەوە، دەدرەوشێتەوە.

چاوەکانی هەڵدێنێ، دیسان لە سەر یەکیان دادەنێتەوە. دەڵێ: دوو شەوی دیکەی پارەدراو، زوو تەواو دەبێ. بزەی دێتە سەر لێو و بە دەستی، چاوەکانت دەلاوێنێتەوە. وا دەنوێنێ کە خەوتووە.

تۆ درێژە بە قسە دەدەی، تەنیا لە دنیادا، کە بۆ خۆیشت ئەوەت دەوێ. دەڵێی کە قەت خۆشەویستیت وەک شتێکی گونجاو نەهاتۆتە بەر چاو، کە تۆ قەت تێنەگەیشتوویتە، کە تۆ هەمیشە خۆتت پاراستووە خۆشەویستی بکەی، کە تۆ هەمیشە ویستووتە ئازاد بی کە خۆشەویستی نەکەی. دەڵێی کە دۆڕاوی. دەڵێی کە نازانی لەپێناوی چیدا، لە چیدا دۆڕاوی.

ئەو گوێ ڕاناگرێ، خەوتووە.



Scanned by CamScanner

تۆ بەسەرهاتی منداڵێک دەگێڕیتەوە.

ڕۆژ گەیشتووەتە لای پەنجەرەکان.

ئەو چاو هەڵدێنێ، دەڵێ: لەوە زیاتر درۆ مەکە. دەڵێ کە هیواداره هەرگیز و بە هیچ شێوەیەک لەو دنیایەدا، نەزانێ کە تۆ چۆن دەتوانی بزانی. دەڵێ: من نامەوێ شتێک لەو بارەوە کە تۆ چۆن دەتوانی بزانی، بزانم، بەم یەقینەوە کە ڕەگوڕیشەی لە مەرگدایە، ئەم یەکچەشنییە بێدەرمانە، وەک هەموو ڕۆژێک لە ژیانتدا، هەموو شەوێک، لەگەڵ ئەم کارە کوشندەیەدا کە لە بێتواناییی خۆشویستنەوە دێ.

ئەو دەڵێ: ڕۆژ لێرەیە، هەموو شتێک دەست پێ دەکا، بێجگە لە تۆ. تۆ، تۆ هەرگیز دەست پێ ناکەی.

خەوی لێ دەکەوێتەوە. لێی دەپرسی کە بۆچی دەخەوێ، لە دەستی کامە ماندوویەتیی مەزن دەحەسێتەوە. دەستی بەرز دەکاتەوە و سەرلەنوێ ڕوخسارت، لەوانەیە دەمت، دەلاوێنێتەوە. دیسانەوە وا دەنوێنێ کە خەوتووە. دەڵێ: ناتوانی تێی بگەی دوای ئەوە کە پرسیار دەکەی. دەڵێ کە کەموزۆر لە دەستی تۆیش، لە دەستی مەرگ، دەحەسێتەوە.

تۆ درێژە بە بەسەرهاتی منداڵەکە دەدەی، بە هاوار هەڵیدەڕێژیتە دەرەوە. دەڵێی کە تەواوی بەسەرهاتەکە لەبارەی منداڵەکەوە، لەبارەی خۆتەوە، نازانی. دەڵێی کە بیستووتە بەسەرهاتەکە گێڕدراوەتەوە. ئەو بزەی دێتە سەر لێو، دەڵێ کە ئەویش چەندان جار، ئەو داستانەی بیستووە و خوێندووەتەوە، لە هەموو شوێنێکدا، لە زۆر کتێبدا. پرسیاری ئەوە دەکەی کە هەستی خۆشویستن دەبێ چۆناوچۆن بێ. وڵامت دەداتەوە: ڕەنگە لەپڕێکدا مەنتقی جیهان هەڵبوەشێتەوە. دەڵێ: بۆ نموونە لەڕێگای هەڵەیەکەوە. دەڵێ: هەرگیز بەهۆی خواستەوە. دەپرسی: هەستی خۆشویستن، دەکرێ بە هۆی شتی دیکەوە ڕوو بدا؟ لێی دەپاڕێیتەوە کە وڵام بداتەوە. دەڵێ: بە هۆی هەموو شتێکەوە، بەهۆی فڕینی باڵندەیەکەوە لە شەودا، بەهۆی خەوەوە، بەهۆی خەونێکەوە لە خەودا، بەهۆی نێزیکیی مەرگەوە، بەهۆی وشەیەکەوە، بەهۆی تاوانێکەوە، لە خۆیدا، لە خۆڕا، کوتوپڕ بە بێ ئەوەی بزانی چۆن. دەڵێ: بڕوانە. لنگی بڵاو دەکاتەوە و لە قووڵاییی نێوان لاقە بڵاوەکانیەوە، تۆ سەرەنجام ئەو شەوە ڕەشە دەبینی. دەڵێی: لەوێ بوو، ئەو شەوە ڕەشە، لەوێیە.



Scanned by CamScanner

ئەو دەڵێ: وەرە. تۆ دێی. وەختێک لە ناخیدای، دیسان دەگریی. ئەو دەڵێ: لەوە زیاتر مەگری. دەڵێ: بمبە، با تەواو ببێ.

تۆ بە قسەی دەکەی. تۆ دەبەی.

تەواوە.

ئەو خەوی لێ دەکەوێتەوە.

ڕۆژێک ئەو چیی دیکە لەوێ نییە. تۆ لە خەو هەڵدەستی و ئەو نەماوە. شەو لێی داوە ڕۆیشتووە. جێی لەشی هێشتا لە مەلافەکەدا ماوە، ساردە.

ئەمڕۆ بەرەبەیانە. هێشتا خۆر هەڵنەهاتووە، بەڵام گۆشە و کەنارەکانی ئاسمان ڕووناک بوونەتەوە لەحاڵێکدا تاریکییە چڕوپڕەکە هێشتا لەنێوەڕاستی ئاسمانەوە دەڕژێتە سەر زەوی.

هەر بۆ خۆت لە ژوورەکەدای. جەستەی ئەو ون بووە. جیاوازیی نێوان ئەو و تۆ، لەڕێگای نەبوونە کوتوپڕەکەی ئەوەوە دەسەلمێنێری.



Scanned by CamScanner

لەو دووری دوورەوە، لە قەراخەکاندا، دەبوو نەورەسەکان لەو تاریکییە کاڵبووەوەدا، بقیڕێنن، ئەوان دەبوو بەو زووانە دەست بە خواردنی کرمی بن عەرز بکەن، لە لمدا کە داکشانی ئاو دەریخستووە، لێی بگەڕێن. لە تاریکیدا لەپڕ وا وە پێش چاو دێ وەک بڵێی تۆ هەرگیزاوهەرگیز گوێت لە قیڕەی شێتانەی ئەو نەورەسە زۆر برسییانە نەبووە.

ئەو نەدەبوو هەرگیز بگەڕێتەوە.

شەوی دوای ڕۆیشتنەکەی ئەو، چیرۆکەکە، لە باڕێکدا، دەگێڕیتەوە. سەرەتا دەیگێڕیتەوە وەک بڵێی دەکرا بیگێڕیتەوە، پاشان واز دەهێنی. پاشان بە دەم پێکەنینەوە دەیگێڕیتەوە وەک بڵێی جێی باوەڕ نەبووە کە ڕووی داوە یا وەک بڵێی جێی باوەڕ بووە کە تۆ لە خۆتەوە هەڵتبەستبێ.

ڕۆژی دواتر لەوانەیە لەپڕ هەست بە نەبوونی ئەو لە ژوورەکەدا بکەی. ڕۆژی دواتر لەوانەیە حەز بکەی دیسانەوە لەوێ بیبینیتەوە، لە نامۆییی تەنیاییەکەی خۆتدا، لە خەسڵەتی کەسێکی بۆ تۆ نەناسراودا.



Scanned by CamScanner

لەوانەیە لە دەرەوەی ژوورەکەتدا بە دوایدا بگەڕێی، لە قەراخەکاندا، لە خواردەمەنیفرۆشییەکانی سەر ڕێگاکاندا، لە شەقامەکاندا. بەڵام نەدەبوو بیدۆزیتەوە چونکە تۆ لە ڕووناکیی ڕۆژدا، کەس ناناسیتەوە. تۆ نەدەبوو بیناسیتەوە. تۆ تەنیا جەستە خەوتووەکەیت لەژێر چاوە نیوەکراوە یا نووقاوەکانیەوە لەبیرە.

ناتوانی خۆترنجاندنە نێو یەک جەستە بناسیتەوە، ناتوانی هەرگیز بیناسیتەوە. تۆ هەرگیز ناتوانی بیناسیتەوە.

وەختێک گریای، بە سەر خۆتدا گریای، نەک بە سەر نامومکینبوونی پەسنهەڵگری گەیشتنت بەو، لەڕێگای جیاوازییەوە کە لێکتان جیا دەکاتەوە.



Scanned by CamScanner

له سەرلەبەری چیرۆکەکەدا تۆ تەنیا چەند وشەیەکت لە یاد ماوە کە ئەو لە خەودا گوتنی، ئەو وشانەی ئەوە دەردەبڕن تۆ پێیەوە گرفتاری: نەخۆشیی مەرگ.

زۆر زوو واز دێنی، چیی تر بە دوایدا ناگەڕێی، نە لە شاردا، نە بە شەو یان نە بە ڕۆژ.

ئاوا توانیبووت ئەم عەشقە ئەزموون بکەی، بە تاکە شێوەیەک کە بۆ تۆ ئیمکانی هەبوو، لەڕێگای لەدەستدانیەوە، بەر لەوە کە ڕووی دابێ.



Scanned by CamScanner

**نەخۆشیی مەرگ** دەکرێت لە شانۆدا نیشان بدرێت. ئەو کچە گەنجەی شەوە پارەپێدراوەکان، دەبێت لەنێوەڕاستی شانۆکە، لە سەر مەلافە سپییەکەدا ڕاکشابێت. ئەو دەبێت ڕووت بێت. پیاوێک دەبێت بە دەوریدا بسووڕێتەوە و هاوکات چیرۆکەکە بگێڕێتەوە.



Scanned by CamScanner

تەنیا ژنەکە دەبێت قسەکانی خۆی لەبەر بێت، نەک پیاوەکە. پیاوەکە دەبێت دەقەکە بخوێنێتەوە، یا بەڕاوەستاوی، یا کاتێک کە بە دەوری ئەو ژنە گەنجەدا دەسووڕێتەوە.

پیاوەکە، کە چیرۆکەکە لەبارەی ئەوەوەیە — نابێت هەرگیز پیشان بدرێت. تەنانەت کاتێک کە ڕوو بۆلای ئەو ژنە گەنجە وەردەگێڕێت، دەبێت لەڕێگای ئەو پیاوەوە بێت کە چیرۆکەکەی ئەو دەخوێنێتەوە.

لێرەدا خوێندنەوە دەبێت شوێنی یارییەکە بگرێتەوە. من هێشتا پێم وایە کە هیچشتێک، هیچ یارییەک ناتوانێت شوێنی کەموکووڕیی دەق لە یادەوەریدا پڕ بکاتەوە.



Scanned by CamScanner

ئەو دوو هونەرمەندە دەبێت بە شێوەیەک بدوێن وەک ئەوەی هەر یەکەو لە ژووری جیاوازدا، دابڕاو لە یەکتر، خەریکی نووسینی دەقەکەیە.

دەقەکە، ئەگەر شانۆگەرییانە پیشان بدرێت، لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە.

دەنگی پیاوەکە دەبێت بەهێز بێت، هیی ژنەکە دەبێت کز بێت، بە شێوەیەک بە حاڵ ببیسترێت.

من دەمەوێت پیاوەکە زۆر بە دەوری ژنەکەدا بسووڕێتەوە، بە شێوەیەک لە بەرچاو ون ببێت، لە شانۆکەدا سەرگەردان ببێت وەک بڵێیت لە زەماندا ون بووە، هەتا دوایی بگەڕێتەوە بۆ لای نوور، بۆ لای ئێمە.



Scanned by CamScanner

تەختەی شانۆکە دەبێت نزم بێت، تەقریبەن یەکسان لەگەڵ زەویدا، بە شێوەیەک ژنەکە تەواو دیار بێت.

دەبێت لەنێوان شەوە پارەدراوەکاندا وچانی درێژخایەن لە بێدەنگی هەبێت، لەم ماوەیەدا هیچشتێک، بێجگە لە تێپەڕینی کات، ڕوو نادات.

پیاوەکە، کە چیرۆکەکە دەخوێنێتەوە – دەبێت بەهۆی لاوازییەکی دیار و کوشندەوە بناڵێنێت کە دەتوانێت لاوازیی پیاوەکەی دیکە بێت – ئەوە پیاوەی لەوێ نییە.

ژنە گەنجەکە، دەبێت جوان بێت، تایبەت بە خۆی.

لە دەریچەیەکی گەورە و تاریکەوە دەبێت هاژەی زەریا ببیسترێت. پیاو دەبێت هەمیشە هەمان ئەو لاکێشە ڕەشە ببینێت، لاکێشەکە نابێت هەرگیز



Scanned by CamScanner

بدرەوشێتەوە. هاژەی زەریا دەتوانێت کەموزۆر بەهێز بێت.

نابێت پیاو دوورکەوتنەوەی ژنەکە ببینێت. کاتێک کە ژنەکە نامێنێت، دەبێت سەر شانۆ تاریک بێت، کاتێکیش دوایی ڕووناکی دێتەوە، دەبێت بە تەنیا مەلافە سپییەکان لە سەر شانۆ مابنەوە و هاژەی زەریا، کە لە دەرکە ڕەشەکەوە خۆی بە ژووردا دەکات.

نابێت هیچ مۆسیقا لە گۆڕێدا بێت.


ئەگەر قەرار وا بێت من ئەم دەقە بکەمە فیلم، ئەوە دەمەوێت گریانی ڕوو بە زەریاکە بە شێوەیەک بگرم کە پیاو تەقریبەن هاوکات خێزاوە سپییەکانی زەریا و ڕوخساری پیاوەکە ببینێت. تا نیشان بدەم کە لەنێوان سپێتیی مەلافەکە و زەریادا پێوەند هەیە. تا نیشان بدەم کە مەلافەکە خۆی لە خۆیدا دەبێتە وێنەیەک بۆ زەریا.

ئەمە وەک ڕێنماییی گشتی گوتراوە.

مارگرێت دوراس



Scanned by CamScanner




Scanned by CamScanner